# دور الأفلام الوثائقية لقناة كردسات في نشر الوعي العام في إقليم كردستان

**عثمان محمد سعيد احمد**
**جامعة السليمانية التقنية، كلية الإدارة التقنية، القسم التقني للإعلام**
othman.ahmed.tca@spu.edu.iq

**أ.م.د.كارزان محمد احمد**
karzan.ahmed@spu.edu.iq
**جامعة السليمانية التقنية، كلية الإدارة التقنية، القسم التقني للإعلام**

**الكلمات المفتاحية:** قناة كوردسات، الفيلم الوثائقي، الوعي العام، تحليل المحتوى، نظرية الغرس الثقافي

**كيفية اقتباس البحث**
احمد , عثمان محمد سعيد , كارزان محمد احمد, دور الأفلام الوثائقية لقناة كردسات في نشر الوعي العام في إقليم كردستان,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آب ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٨ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

# The Role of KurdSat TV Documentaries in Raising Public Awareness in the Kurdistan Region

**Othman Mohammed Saeed Ahmed**
**Sulaimani Polytechnic University, College of Technical Management, Department of Media Technology**
othman.ahmed.tca@spu.edu.iq

**Assistant Professor Dr. karzan mohammed ahmed**
karzan.ahmed@spu.edu.iq
**Sulaimani Polytechnic University, College of Technical Management, Department of Media Technology**

**Keywords** : KurdSat Channel, Documentary Film, Public Awareness, Content Analysis, Cultivation Theory

**How To Cite This Article**
Ahmed , Othman Mohammed Saeed , karzan mohammed ahmed , The Role of KurdSat TV Documentaries in Raising Public Awareness in the Kurdistan Region ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, August 2026,Volume:16, Issue 8.

cc BY NC ND
**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract
This study aims to highlight the role of documentaries on KurdSat satellite channel in raising public awareness in the Kurdistan Region, based on the importance of documentary media in changing societal perceptions. The study employed a descriptive methodology (content analysis) for a sample of five documentaries broadcast by the channel during 2024. The main objective of the study was to determine the extent to which the documentary messages conveyed information and culture to viewers.

The most prominent findings of the study, in light of cultivation theory, showed that these films have the ability to transform temporary awareness into a more solid and stable awareness. The data indicates the dominance of the "reporting" style (73.10%), which helped to form a structured understanding of environmental and cultural issues among the audience. Furthermore, the reliance on eyewitnesses and experts contributed to lending credibility to the media messages, which led to a strengthening of national identity among viewers (61.29%)

Within the framework of the development of Kurdish media and as a leading example, Kurdsat has paid special attention to the production of documentaries. The choice of this channel as an example of the study is due to its academic approach since its inception, “respecting the audience” and avoiding populism, which has made its products a reliable source for building national and cultural awareness.

The significance of this paper is concentrated in analyzing the relationship between “image technique” and “consciousness message”. The main objective is to identify the dimensions (cognitive, emotional, behavioral) that are reflected in Kurdsat's products. Based on the content analysis method and in the light of cultural cultivation theory, the study presents a scientific model that shows the level of balance between the media function and the awareness function, in order to reach conclusions that will be the basis for the development of this media experience.

**ملخص الدراسة**

تسعى هذه الدراسة إلى تسليط الضوء على "دور الأفلام الوثائقية في قناة كوردسات الفضائية في نشر الوعي العام في إقليم كوردستان"، انطلاقاً من أهمية الإعلام الوثائقي في تغيير الرؤى المجتمعية. اعتمدت الدراسة على **المنهج الوصفي (تحليل المحتوى)** لعينة مكونة من (٥) أفلام وثائقية عرضتها القناة خلال عام (٢٠٢٤). وتمثل الهدف الرئيس للدراسة في تحديد مستوى إيصال الرسائل المعرفية والثقافية للمشاهدين.

أظهرت أبرز نتائج الدراسة، في ضوء **نظرية الغرس الثقافي**، أن هذه الأفلام تمتلك القدرة على تحويل الوعي المؤقت إلى وعي رصين ومستقر. وتشير البيانات إلى هيمنة أسلوب "التقرير" بنسبة (٧٣,١٠٪)، مما ساعد في تكوين صورة منظمة تجاه القضايا البيئية والثقافية لدى الجمهور. كما ساهم الاعتماد على شهود العيان والخبراء في إضفاء الموثوقية على الرسائل الإعلامية، مما أدى إلى تعزيز الانتماء الوطني لدى المشاهدين بنسبة (٦١,٢٩٪).

في إطار تطوير الإعلام الكردي، وباعتبارها مثالًا رائدًا، أولت قناة كردسات اهتمامًا خاصًا بإنتاج الأفلام الوثائقية. ويعود اختيار هذه القناة كمثال للدراسة إلى نهجها الأكاديمي منذ نشأتها، والذي يقوم على "احترام الجمهور" وتجنب الشعبوية، مما جعل منتجاتها مصدرًا موثوقًا لبناء الوعي الوطني والثقافي.

تكمن أهمية هذه الورقة البحثية في تحليل العلاقة بين "تقنية الصورة" و"رسالة الوعي". والهدف الرئيسي هو تحديد الأبعاد (المعرفية والعاطفية والسلوكية) التي تنعكس في منتجات كردسات. واستنادًا إلى منهج تحليل المحتوى، وفي ضوء نظرية التنشئة الثقافية، تقدم الدراسة نموذجًا علميًا يوضح مستوى التوازن بين وظيفة الإعلام ووظيفة الوعي، وذلك للوصول إلى استنتاجات تُشكل أساسًا لتطوير هذه التجربة الإعلامية.

## ڕۆڵی فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی کوردسات لە بڵاوکردنەوەی وشیاری گشتی لە هەرێمی کوردستان

**عوسمان محەمەدسەعید ئەحمەد**
**زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، بەشی تەکنیکی میدیا**
othman.ahmed.tca@spu.edu.iq

**پ.ی.د.کارزان محەمەد ئەحمەد**
karzan.ahmed@spu.edu.iq
**زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، بەشی تەکنیکی میدیا**

### پاژی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدۆلۆژی

١/ پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لە سۆنگەی گرنگیی میدیای دۆکیۆمێنتارییەوە لە گۆڕینی دیدگای کۆمەڵگە، هەوڵدەدات "ڕۆڵی فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی کوردسات لە بڵاوکردنەوەی وشیاری گشتی لە هەرێمی کوردستان" بخاتە ڕوو. توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی وەسفی (شیکردنەوەی ناوەڕۆک) بەستووە بۆ (٥) فیلمی دۆکیۆمێنتاری کەناڵەکە لە ساڵی (٢٠٢٤). ئامانجی سەرەکی دیاریکردنی ئاستی گەیاندنی پەیامە مەعریفی و کلتوورییەکان بووە بە بینەر.
گرنگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە، لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری چاندنی ڕۆشنبیری، دەریانخستووە کە فیلمەکان توانای گۆڕینی وشیاریی کاتیيان بۆ وشیارییەکی چەسپاو هەبووە. داتاکان نیشانی دەدەن کە شێوازی "ڕاپۆرت" بە ڕێژەی (٧٣,١٠٪) باڵادەست بووە، ئەمەش وایکردووە وێنەیەکی ڕێکخراو بۆ کێشە ژینگەیی و کلتوورییەکان لای بینەر دروست ببێت. هەروەها پشتبەستن بە شایەتحاڵەکان متمانەی بە پەیامەکە بەخشیوە و ئینتیمای نیشتمانی لای بینەران بە ڕێژەی (٦١,٢٩٪) بەرزکردووەتەوە.

٢/ پێشەکی

میدیا وەک ئامرازێکی ستراتیژی بۆ بڵاوکردنەوەی مەعریفە، ڕۆڵێکی کاریگەر لە داڕشتنی وشیاریی کۆمەڵگەدا دەگێڕێت. لە نێو ڕەگەزە جیاوازەکانی میدیای بینراودا، فیلمی دۆکیۆمێنتاری بەهۆی ناوەڕۆکە دەوڵەمەند و پشتبەستنی بە بەڵگەی واقیعی، وەک یەکێک لە بەهێزترین کەرەستە مەعریفییەکان بۆ گواستنەوەی پرسە ڕاستەقینەکان دەردەکەوێت. ئەم ژانرە تەنها گێڕانەوەی ڕووداوەکان نییە، بەڵکو توانایەکی قووڵی لە ئاراستەکردنی ڕای گشتی و دروستکردنی متمانە لای بینەر هەیە؛ بەو پێیەی وێنە دەگۆڕێت بۆ زمانێکی جیهانی بۆ سادەکردنەوەی چەمکە ئاڵۆزەکان و گەیاندنی پەیامە وشیارکەرەوەکان.

له چوارچێوەی گەشەسەندنی میدیای کوردی و وەک نموونەیەکی پێشەنگ، کەناڵی کوردسات بایەخێکی تایبەتی بە بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیۆمێنتاری داوە. هەڵبژاردنی ئەم کەناڵە وەک نموونەی توێژینەوەکە، پەیوەستە بەو شێوازە ئەکادیمییەی کە لە سەرەتای دامەزراندنییەوە گرتوویەتیە بەر لە "ڕێزگرتن لە بینەر" و دوورکەوتنەوە لە پۆپۆلیزم، کە وای کردووە بەرهەمەکانی ببنە سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو بۆ بونیادنانی وشیاریی نەتەوەیی و کلتووری.

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لە شیکردنەوەی پەیوەندیی نێوان "تەکنیکی وێنەیی" و "پەیامی وشیاری"دا چڕ دەبێتەوە. ئامانجی سەرەکی، دەستنیشانکردنی ئەو ڕەهەندانەیە (مەعریفی، سۆزداری، ڕەفتاری) کە لە بەرهەمەکانی کوردساتدا ڕەنگیان داوەتەوە. توێژینەوەکە بە پشتبەستن بە میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆک و لە ژێر ڕۆشنایی **تیۆری چاندنی ڕۆشنبیری،** مۆدێلێکی زانستی دەخاتە ڕوو کە ئاستی هاوسەنگیی نێوان ئەرکی ڕاگەیاندن و ئەرکی وشیارکردنەوە دەردەخات، بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامگەلێک کە ببێتە بنەمایەک بۆ پەرەپێدانی ئەم ئەزموونە میدیاییە.

## ٣/ کێشەی توێژینەوە

کێشەی ئەم توێژینەوەیە لە دەوری ئەو پرسیارە دەخولێتەوە: ئایا فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵی کوردسات توانیویانە لە چوارچێوەی گێڕانەوەی ڕووداوی وشک دەربچن و ببنە ئامرازێکی کاریگەر بۆ گۆڕینی ئاستی مەعریفی و سۆزداریی بینەری کورد؟ بە واتایەکی وردتر، کێشەکە لەوەدا کورت دەبێتەوە کە چۆن ئەم فیلمانە "زمان و وێنە"یان بەکارهێناوە بۆ چاندنی ڕەهەندەکانی وشیاری (ژینگەیی، نەتەوەیی، ئاینی) لە کاتێکدا میدیای کوردی ڕووبەڕووی لێشاوی کاتبەسەربردنی بێناوەڕۆک بووەتەوە؟

## ٤/ ئامانجەکانی توێژینەوە

توێژینەوەکە هەوڵ دەدات ئەم ئامانجانەی خوارەوە بەدی بهێنێت

١/ **دەستنیشانکردنی ڕەهەندە سەرەکییەکانی وشیاری** (مەعریفی، سۆزداری، ڕەفتاری) لە ناوەڕۆکی فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکاندا.

٢/ **شیکردنەوەی تەکنیکە بینراوەکان** (وێنەی واقعی، ئەرشیف، گرافیک) و ڕۆڵیان لە چەسپاندنی پەیامی وشیاری.

٣/ **هەڵسەنگاندنی ئاستی متمانەپێکردن** لە ڕێگەی پشتبەستن بە سەرچاوە زانستییەکان و ڕای پسپۆڕان.

٤/ **دیاریکردنی کایەکانی وشیاری** کە فیلمەکان کاریان لەسەر کردووە (ژینگەیی، ئاینی، کەلەپووری و مێژوویی).

## ٥/ جۆر و میتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی **توێژینەوە وەسفییەکاندا** پۆلێن دەکرێت، کە ئامانجی وێناکردن و وردکردنەوەی دیاردەکانە وەک ئەوەی لە واقیعدا هەن. بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان، توێژەر میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی وەک ئامرازێکی سەرەکی بەکارهێناوە، بەو مەبەستەی ڕەهەندە چۆنایەتییەکانی ناو فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکان (وێنە، دەنگ، مۆسیقا) بگۆڕێت بۆ داتای چەندایەتی و ژمارەیی، تا لەسەر بنەمای ئامار و خشتەی ورد بڕیاری زانستی دەربارەی ئاستی وشیاریی ناو فیلمەکان بدرێت.

## ٦/ کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

کۆمەڵگەی توێژینەوە پێکهاتووە لە تەواوی ئەو فیلمە دۆکیۆمێنتارییانەی کە لە ساڵی (٢٠٢٤) دا لە کەناڵی ئاسمانی کوردسات بەرهەمهێنراون و پەخشکراون، کە کۆی گشتییان (٣٣) فیلمە.
نموونەی توێژینەوە:
پێنج فیلمی دۆکیۆمێنتاری هەڵبژێردراون کە نوێنەرایەتی بوارە جیاوازەکانی وشیاری دەکەن، ئەوانیش( **ئاین و ئاواز، ڕازی پیرێکی هونەرزان، زەماوەندی پیر، سامانی گامێش، بەنداو)،** بە شێوازی نموونەی مەبەستدار .

### ٧/ سنوورەکانی توێژینەوە

**سنووری بابەتی**

ڕۆڵی فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکان لە بڵاوکردنەوەی وشیاری گشتیدا.

**سنووری شوێنی**

کەناڵی ئاسمانی کوردسات.

**سنووری کاتی**

ساڵی (٢٠٢٤)، کە تێیدا ئەو فیلمە دۆکیۆمێنتارییانە پەخشکراون کە کەوتوونەتە ناو نموونەی توێژینەوەکە.

### ٨/ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتا

توێژەر بۆ بەدەستهێنانی داتاکان، پشتی بە فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەستووە، وەک ئامرازی سەرەکی کە لە ژێر ڕۆشنایی ئامانجەکانی توێژینەوەکەدا داڕێژراوە. فۆرمەکە پۆلێنکراوە بۆ چەند یەکەیەکی سەرەکی بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەی کات**

بۆ دیاریکردنی ماوەی تەرخانکراو بۆ هەر پەیامێکی وشیارکەرەوە بە خولەک و چرکە.

**یەکەی ناوەڕۆک (ڕەهەندەکانی وشیاری)**

کە سێ لایەنی سەرەکی دەگرێتەوە:
**مەعریفی** (زانیاری و داتا)، **ڕەفتاری** (ڕێنمایی و داواکارییەکان)، **سۆزداری** (دیمەنە کاریگەرەکان).

**یەکەی کەسایەتییەکان:**

بۆ دەستنیشانکردنی جۆری نێرەری پەیامەکە، چ وەک (پسپۆڕ، هاوڵاتی، یان دەرهێنەر و گێڕەرەوە).

**یەکەی تەکنیک و وێنە:**

بۆ شیکردنەوەی جۆری ئەو گرتانەی بەکارهاتوون وەک (وێنەی واقیعی، ئەرشیفی، گرافیک و نەخشە) و ڕۆڵیان لە سادەکردنەوەی زانیارییەکان.

هەروەها بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئامرازەکە، فۆرمەکە پیشانی ژمارەیەک لە **پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندن** دراوە بۆ چەسپاندنی **ڕاستگۆیی ئامرازەکە** و پاشان پرۆسەی شیکردنەوەکە بە پێی پێوەرە زانستییەکان ئەنجامدراوە بۆ دەستەبەرکردنی **جێگیری.** لە دەرەنجامەکاندا

**پاژی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو**

توێژەر بۆ دەوڵەمەندکردنی لایەنی زانستیی بابەتەکە و دیاریکردنی ئەو بۆشاییە مەعریفییەی کە ئەم توێژینەوەیەی تێدا ئەنجام دەدرێت، سوودی لە کۆمەڵێک توێژینەوەی پێشوو (کوردی، عەرەبی، فارسی) وەرگرتووە، لەوانە:

١/ توێژینەوەی ڕەنجدەر ڕزگار عبدالرحمن، (٢٠٢٣). تایبەتمەندییەکانی فیلمی دۆکیۆمێنتاری لە کەناڵی ئاسمانیی ڕووداودا.

دەربارەی تایبەتمەندییەکانی فیلمی دۆکیۆمێنتاری لە کەناڵی (ڕووداو)، کە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کوالێتی تەکنیکی وێنە و زمانی سۆرانی بە ڕێژەی (٩٥٪) باڵادەستە.

٢/ توێژینەوەکانی ( نەجلا جەمال، ٢٠١٧) و ( ڕەشا مەجدی، ٢٠١٨)، کە جەختیان لەسەر ڕۆڵی فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکان کردووەتەوە لە بڵاوکردنەوەی وشیاریی ژینگەیی و دروستکردنی متمانەی مەعریفی لای بینەران و گەنجان.

٣/ توێژینەوەی (حاتەم محەمەد، ٢٠١٦) کە سەلماندوویەتی فیلمی دۆکیۆمێنتاری خاوەنی "کاریگەرییەکی کەڵەکەبووە" و دەتوانێت سیستەمی باوەڕی بینەر بگۆڕێت، ئەمەش هاوتایە لەگەڵ گریمانەکانی **تیۆری چاندن.**

٤/ تێزی دکتۆرای (خوسرەو سینا، ٢٠١٥) و توێژینەوەی (ئیبراهیم فەیاز، ٢٠١٩)، کە تیشکیان خستووەتە سەر "شوناسی کوردی و نەتەوەیی" لە فیلمە دۆکیۆمێنتارییە ئەنترۆپۆلۆژییەکاندا و ڕۆڵی ئەم فیلمانەیان لە پاراستنی کلتوور و ڕێگریکردن لە توانەوەی شوناس بەرامبەر جیهانگیری سەلماندووە.

٥/ توێژینەوەی (سەید محەمەد مەهدیزادە، ٢٠١٥)، کە نیشانی داوە فیلمی دۆکیۆمێنتاری وەک "فێرکەرێکی ناڕاستەوخۆ" کار دەکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری کۆمەڵایەتی.

ئەم توێژینەوەیەی ئێستا، لەوەدا لەگەڵ ئەوانەی پێشوو جیاوازە و تەواوکەریانە کە بە شێوەیەکی تایبەت و

چڕ کار لەسەر سێکوچکەی وشیاری (مەعریفی، سۆزداری، ڕەفتاری) دەکات لە فیلمەکانی کەناڵی کوردساتدا لە ساڵی (٢٠٢٤). بە پشتبەستن بە نوێترین داتا ئامارییەکان.

**پاژی سێیەم: چوارچێوەی تیۆری**

**تەوەری یەکەم:**

**١/ چەمک و پێناسەی فیلمی دۆکیۆمێنتاری**

زاراوەی فیلمی دۆکیۆمێنتاری لەگەڵ سەرەتای یەکەم بەرهەمهێنانی فیلم لە ئەوروپا لە ڕێگەی فەرەنسییەکانەوە دەرکەوت کە بەکاریان هێنا بۆ وەسفکردنی ئەو فیلمانەی کە گەشتەکانی ئاماتۆرەکان یان گەشتیارانیان تۆمار دەکرد لە ڕێگەی داهێنانی یەکەم ئامێری لویس لومێر بۆ گرتنی وێنەی سینەمایی جووڵاو لە ساڵی ١٨٩٥ی زایینی. فەرەنسییەکان یەکەم کەس بوون کە زاراوەی فیلمی دۆکیۆمێنتاریان بەکارهێنا کاتێک بۆ فیلمە گەشتیارییەکان بەکاریان هێنا. (کرهوت، ٢٠١٦، ص ٧٩)

فیلمی دۆکیۆمێنتاری چەشنێکی سینەمایی و تەلەفزیۆنییە، کە پشت بە واقیع و بەڵگەنامە و

ڕووداوە ڕاستەقینەکان دەبەستێت، بە ئامانجی پەروەردەکردن، وشیارکردنەوە، یان خستنەڕووی کێشەیەکی دیاریکراوی مرۆیی، کۆمەڵایەتی، یان ژینگەیی
فیلیپ لای برنی، سینەمای دۆکیۆمێنتاری، وەرگێڕانی: حەمە تاهیر و عەتا قەرەداغی، (سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٢)، ل٧
فیلمی دۆکیۆمێنتاری ئامرازێکی میدیایی وشیارکەرەوەیە، کە لەڕێگەی لێکدانی وێنەی واقیعی و گێڕانەوەی زانستییەوە، هەوڵ دەدات مەعریفەی بینەر دەوڵەمەند بکات و دیدگای بۆ دەوروبەر بگۆڕێت. (ڕەنجدەر ڕزگار، ٢٠٢٣، ل٧)

**٢/ تایبەتمەندی و ئەرکە سەرەکییەکانی فیلمی دۆکیۆمێنتاری**

١/ بابەتەکانی فیلمی دۆکیۆمێنتاری پشت دەبەستێت بەتێبینیکردن و هەڵێنجان و وێنەگرتنی دیمەنە زیندووەکانی ڕووداوەکان، نەک ئەو بابەتانەی گوزارشت لەژینگەیەکی دروستکراو دەکات، وەک ئەوەی لەفیلمە چیرۆکییەکاندا دەبینریت. (بڕوا عەبدولڕەحمان، ٢٠١٦، لا: ٣٠)
٢/ دیمەنە زیندووەکان و ڕووداوە ڕاستەقینەکان بەبێ پێکهاتە و نواندن وێنا دەکات.(الشال، ٢٠٠٦، ص: ٨٧-٨٨)
٣/ بە جددی و قووڵی تایبەتمەندە، بەرهەمهێنانی پێویستی بە لێکۆڵینەوەی گشتگیر هەیە لەسەر هەموو لایەنەکانی بابەتی فیلمەکە.(ضيف الله، ٢٠١٧، ص: ٧٩)
٤/ ئامانجی قازانجی ماددی نییە، بەڵکو خەمی گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەیی و کولتوورییەکانە.(الجرادات، ٢٠٠٩، ص: ٣٤)
مشتومڕێکی زۆر - لە سەرەتای سینەمادا – لەسەر چییەتی و سروشتی فیلمی دۆکیۆمێنتاری و شێوازەکانی چارەسەرکردنی بۆ ڕاستییە مرۆییەکان، وای لە ڕەخنەگری سکۆتلەندی و دەرهێنەری دۆکیۆمێنتاری جۆن گریرسۆن کرد، لە وتارێکدا کە لە ڕۆژنامەی نیویۆرک سەنی ئەمریکیدا لە ساڵی ١٩٢٦دا بڵاوی کردەوە، بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندی تایبەت بە فیلمی دۆکیۆمێنتاری، بۆ ئەوەی لە فیلمە خەیاڵیەکانی دیکە جیای بکاتەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە فیلمی دۆکیۆمێنتاری -وەک خۆی دەڵێت – "مامەڵەی داهێنەرانەیە لەگەڵ واقیعدا"، دەبێت بەمانەی خوارەوە تایبەتمەند بکرێت:
١/ ماددەکەی لە واقیعی ئەو شوێنە وەرگیراوە ( کە وێنەی تێدا دەگیرێت)، هەروەها لە واقیعی ژیانەوە (ڕۆڵی مرۆڤەکان ڕاستەقینەیە نەک هەڵبەستراو).
٢/ جیاکردنەوەی وەسف و دراما، واتە جیاکردنەوەی ئەو شێوازەی کە سنووردارە بە تەنها وەسفکردنی بەها ڕووکەشەکانی بابەتەکە، لەگەڵ ئەو شێوازەی کە وردەکارییەکانی بابەتەکان ئاشکرا دەکات، بە شێوەیەکی کاریگەر.
٣/ هەڵبژاردن و ڕێکخستنی ئەو ماددانە(ماتریاڵ) کە لە ژیانی واقیعەوە وەرگیراون، ڕێکخستنی و پێشکەشکردنی بە وەرگر بە شێوازێکی هونەری کە ڕەنگدانەوەی ڕوانگەی دەرهێنەری فیلم بێت، واتە گەیشتن بە مامەڵەیەکی داهێنەرانە لەگەڵ واقیع، و خستنەڕووی دیدگای گەیاندنکار لەسەر بابەتێکی دیاریکراو بۆ جەماوەرێکی بەئامانج گیراو، پشتبەستن بە هەڵکەوت(واقع) و ڕاستی.
٤/ ئامانجی قازانجی دارایی نییە، بەڵکو خەمی گەیشتن بە ئامانجەکانە لە لایەنی پەروەردەیی و کولتووری یان پاراستنی کلتورو و مێژوو.
٥/ بەزۆری دوانەری پۆلێک یان گروپێکی دیاریکراوە لە جەماوەرە.

٦/ به جددی و قووڵی لێکۆڵینەوە تایبەتمەندە.(عیسی، ٢٠١٤، ص: ٦٥)

**ئەرکەکانی فیلمی دۆکیۆمێنتاری**

فیلمی دۆکیۆمێنتاری تەنها ئامرازێکی گێڕانەوە نییە، بەڵکو دامەزراوەیەکی مەعریفییە کە کۆمەڵێک ئەرکی جەوهەری لە ئەستۆ دەگرێت. گەورەیی ئەم جۆرە فیلمە لەوەدایە کە تەنها بە تۆمارکردنی واقیع ناوەستێت، بەڵکو دەبێتە پردێک بۆ گەیاندنی ڕاستییە ئاڵۆزەکان بە زمانێکی سادە و کاریگەر. ئەرکەکانی فیلمی دۆکیۆمێنتاری لە نێوان پاراستنی ناسنامە، دۆکیۆمێنتکردنی مێژوو، و بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی جەماوەردا دابەش دەبن. لێرەدا، فیلمەکە وەک هێزێکی نەرم دەردەکەوێت کە دەتوانێت گۆڕانکاری لە تێڕوانینی مرۆڤەکاندا دروست بکات و ڕەهەندە شاراوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و زانستییان بۆ ئاشکرا بکات.
فیلمی دۆکیۆمێنتاری ئامانجی سەرەکی ئەنجامدانی یەکێک لەم ئەرکانەی خوارەوەیە:

**١/ پێشکەش کردنی زانیاری (زانیاری بەخشین)**

ئەمە ئەرکێکە کە هەمیشە وەک "مێشکە وێنە" فیلمە دۆکیۆمێنتاریەکان کاری کردووە، بەو پێیەی فیلمگەلێکن کە زانست و زانیاری دەبەخشن کە دەتوانن سوودی بۆ بینەر هەبێت و کاریگەرییان لەسەری بێت، واتە فیلمگەلێکن کە پەیامێکیان هەیە و بیرۆکەکانیان ڕەنگدانەوەی هەموو بوارەکانی زانستە مرۆییەکانن، بەو پێیەی کە بابەتەکانیان لە ڕاستییەکانی ژیانەوە وەردەگرن، واقیعیش بابەتێکی سەرەکییە کە
دۆکیۆمێنتاری لێیەوە دەست پێدەکات، بۆ خستنەڕووی ئەو ڕاستیانەی کە ڕەنگە زانستی، مێژوویی، سیاسی، یان ئابووری، هەروەها کۆمەڵایەتی و نەریتی بن، لە هەمان کاتدا پابەندبوون بە متمانەیەکی بەرزەوە کە تێیدا ڕاستگۆیی و شەفافیەت و ئەمانەتی زانستی پیشان دەدرێت. (عیسی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص: ١٤٢)

**٢/ ئەرکی پڕوپاگەندەیی**

فیلمی دۆکیۆمێنتاری بەئامرازێکی گرنگ دادەنرێت لەبواری پڕوپاگەندەدا. لەم ڕووەوە لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵاتدا، ئەو سیاسەتەی حکومەت مەبەستییەتی لەناو خەڵکدا بڵاویان بکاتەوەو چەندین ئامانج بەدەستبهێنێت بەوەش ڕای گشتی پێکدەهێنرێت بۆ پشتیوانی کردن و هاوسۆزی دەربڕین بۆ ئامانجەکانی دەوڵەت بەڵام بەهۆی ئەوەی فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکان بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەدەنگ و وێنە و واقیع دەبەستن لەسەر ئاستی میدیای نێودەوڵەتی بەتەواوی جیهان دەگات، چونکە وێنە بەهەموو جۆرەکانییەوە بووەتە زمانێکی جیهانی و توانای گەیاندنی پەیامەکانی هەیە لەبواری پڕوپاگەندەی ئابوریی و سیاسیی و گەشتیارییدا. (سەعید، ٢٠١٦، لا: ٣١)

**٣/ ئەرکی ریکلام**

لەم بوارەدا فیلمی دۆکیۆمێنتاری لەسەر ئاستی ناوخۆ ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە بەرجەستەکردنی ڕۆڵ و دەستکەوتەکانی حکومەت و ڕوونکردنەوەی پلان و ئامانجەکانی، پاشان پێکهێنانی ڕایەکی گشتی کە پشتیوان و هاوسۆزی ئەم پلان و ئامانج و پرۆژانە بێت. .
لەسەر ئاستی دەرەکیشدا فیلمی دۆکیۆمێنتاری لە بواری گەشتیاری و پڕوپاگەندەی ئابووری و سیاسیدا بە شێوەیەکی کاریگەر بەکاردەهێنرێت.(شلبی، ١٩٩٩، ص: ٢١١)

**٤/ ئەركی دۆكیۆمێنتكردن و مێژوو (كرۆكی فیلمی دۆكیۆمێنتارییە)**

یەكێكە لەو ئەركە ئەرشیفییانەی كە فیلمی دۆكیۆمێنتاری ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە و جددی دەبێتەوە، كە تیایدا ئەو ڕاستییە فیكری و دەنگی و بینراوانە دەخاتە بەردەم بینەران كە بابەتەكان، مرۆڤەكان، ڕووداوەكان، پرسەكان، دیاردەكان، یان ڕوداوە هەنوكەییەكان، مێژوویە ڕاستەقینەكان كە تێیدا فیلمەكە دەگۆڕێت بۆ بەرهەمێک، بەڵگەیەک، یان بەڵگەیەک لەسەر بوونی ڕووداوێک، یان كردارێک. (عیسی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص: ١٤٢)

**٥/ ئەركی فێركردن**

فیلمی دۆكیۆمێنتاری لەدامەزراوەكانی پەروەردەو فێركردن بە شێوەیەكی كاریگەر بەكاردەهێنرێت، بەو پێیەی لە بواری پەروەردەكردنی خوێندكاران و دابینكردنی چەندین كارامەیی و زانیاری نوێ بۆیان، بەشدارن لە دەوڵەمەندكردنی زانیاری و ڕاڤەكردنی پرسە ئاڵۆزەكان و ڕوونكردنەوەی، فیلمە دۆكیۆمێنتارییەكان وەک ئامرازی ڕوونكردنەوەیی لە پۆلەكاندا لە قوتابخانە و پەیمانگا و زانكۆكاندا بەكاردەهێنرێن، هەروەها بۆ فێركردنی كارامەیی هونەری و پیشەیی لە چەندین بواری تردا بەكاردەهێنرێن.(قاقیش، ٢٠١٤، ص: ٤١)

**٦/ ئەركی ڕاگەیاندن**

واتە پێدانی زانیاری دروست لەڕێگەی چاودێریكردنی ڕووداوەكان و سەرنجدان(كۆمێنت) لەسەریان، و پێدانی زانیاریی پێویست بۆ بڵاوكردنەوەی لێكتێگەیشتن لە نێو خەڵكدا، ناساندنی ژینگەی دەوروبەر، و ئاگاداركردنەوە لەو مەترسیانەی كە هەڕەشە لەسەر كۆمەڵگا دروست دەكەن (شلبی، --، ص: ٢١١)

**٣/ جۆرەكانی فیلمی دۆكیۆمێنتاری لە ڕووی پرس و بابەتەوە**

١/ فیلمی كاروباری گشتی

ئەم جۆرە فیلمە دۆكیۆمێنتارییە باس لە پرسگەلێكی وەک: هەژاری، بەرنامەكانی پشتیوانی حكومەت، گەندەڵی دامەزراوەیی، چاودێری تەندروستی و هتد دەكات، و بەزۆری بەرێباز (میتۆد)ی بنكۆڵكاری ئاراستەكراو بەرەو چارەسەركردنی كێشەكە بنیات نراوە، وە تایبەتمەندە بە پێشكەشكردنی جددی كە بە بەڵگەی سەلمێنراو پاڵپشتی دەكرێت، بە ئامانجی پێشكەشكردنی دیدگایەكی باوەڕپێكراو و متمانەپێكراو كە سروشتی كۆمەڵایەتی-زانستی زاڵ بێت بەسەریدا لە خستنەڕووی پرسەكان و چارەسەر كردنیان.(حسین، ٢٠٢٤، ص: ١٨٩)

**٢/ فیلمی كاروباری سیاسی**

فیلمی دۆكیۆمێنتاریی سیاسی بە یەكێک لە گرنگترین جۆرەكانی فیلمی دۆكیۆمێنتاری دادەنرێت تا ئێستا، ڕەنگە بەهۆی ئەو لێكۆڵینەوە قووڵانەی كە تیمی بەرهەمهێنانی فیلم ئەنجامیانداوە سەبارەت بەو پرسەی كە باسی دەكات، یان تەنانەت لەبەر ئەوەی فیلمە دۆكیۆمێنتارییەكە پشت بە غەریزەی كونجكاوی بینەر دەبەستێت، وەک چۆن فیلمی دۆكیۆمێنتاری سیاسی هەمیشە بەڵێن دەدات ڕاستییەک ئاشكرا بكات، یان لایەنێكی دیكەی پرسێک كە خراوەتەڕوو، یان تەنانەت لەسەر مێژی گرنگی پێدان و بەدواداچوونەكانی ڕۆژانەش لابرابێت، بەڵام ئاشكراكردنی ڕاستییە تایبەتەكان، یان بابەتە شاراوەكان كە پێشتر نەزانراون، وەک هۆكاری سەرەكی دەمێنێتەوە بۆ ڕاكێشانی سەرنجی بینەر بۆ فیلمە دۆكیۆمێنتارییە سیاسییەكە.(عیسی، سەرچاوەی پێشوو، ص: ١٣٣)



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue :8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**٣/ فيلمی ژياننامه (بيبلۆگرافی)**

ئەمجۆرە فيلمانە، خستنەڕووی ژيانی کەسايەتييە ناسراوەکانە، کە ئەزموونی ژيانيان بوون بە نموونەی کاريگەر بۆ ژيانی کەسانيتر، لە بوارە جۆراوجۆرەکانی: هونەری، زانستی، سياسی و بوارەکانی تر لە ڕابردوو و ئێستادا.

بەزۆری ئەم کەسانە بەگەورە پيشان دەدرێن بە چاوپێکەوتن و خستنەڕووی ڕووداوەکانی ژيانيان ، بەپێی ديدێکی هونەری و مامەڵەيەکی زۆر پيشەيی بۆ پێشکەشکردنی ناوەڕۆکەکە لەکاتێکدا ڕاستێتی دەپارێزرێت.( حسين: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص:١٨٩-١٩٠)

لە بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە فيلمەدا، دەرهێنەر دەبێت:

-گێڕانەوەی چيرۆکی ژيانی کەسايەتييەک بەپێی زنجيرەی مێژوويی، بەڵام پێويستی بە گێڕانەوە نييە لە سەرەتاوە تا کۆتايی. هەندێک فيلم لە کۆتاييەوە دەست پێدەکەن و وەک دەست لێدانێکی هونەری دادەنرێت لەلايەن دەرهێنەر و ديدگای خۆيەوە.

-ڕووداوەکان بە بەکارهێنانی کاتی ڕابردووی سادە دەگێڕدرێنەوە، تەنانەت ئەگەر کەسەکەش زيندوو بێت.

-پشتبەستن بە کەسانی تر بۆ گێڕانەوەی چيرۆکی ژيانی کەسايەتييەکە، مەبەستمان لە کەسانيتر ئەوکەسانەی دەوروبەرين کە پەيوەندييەکی نزيک يان دووريان لەگەڵيدا هەيە (هاوڕێ، خێزان، کەسانی فەرمی، شايەتحاڵەکان،.... هيتر).(دونيا، ٢٠١٦-٢٠١٧، ص: ٣٢)

**٤/ فيلمی پەروەردەيی:**

وەک ئامرازێکی پەروەردەيی بەکاردێت بۆ يارمەتيدانی مامۆستا بۆ پێدانی زانياری لە لايەک، ئاسانکاری بۆ فێرخوازان دەکات کە زانياری وەربگرن لە لايەکی ترەوە.

.٥/ فيلمی زانستی:

ئەم جۆرە تايبەتمەندە لە چارەسەرکردن و خستنەڕووی پرسە زانستييەکانی پەيوەست بەوەوە، هەروەها لە کاروباری تەندروستی و ژينگەييدا، بە هەڵگرتنی بڕێکی زۆر زانياری تايبەتمەندە، بابەتەکانی بە وردی و قووڵی و بە شێوەيەکی دروست و سيستماتيکی و زانستی پێشکەش دەکرێن.(الزيات، ٢٠١٨، ص: ٢٠)

**٦/ فيلمی ڕاهێنان**

ئەم جۆرە فيلمە ئامانجی لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی هەموو داتا و زانيارييە پێويستەکانە بۆ بەدەستهێنانی کارامەيی و زيادکردنی زانياری لە حاڵەتەکانی ڕاهێنانی پيشەيی و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبيری هونەری لە نێوان کۆمەڵێک کرێکار، جووتيار، سەرباز و کەسانی تر لە توێژە جياوازەکان.(سيد طه، ٢٠١٣، ص: ٨٣)

**٧/ فيلمی ريكلامی**

سەرچاوەی ڕيکلام ڕەگ و ڕيشەی خۆی لە پۆستەر و وێنەی وەستاودا دەبينێتەوە، بەو پێيەی وێنە، وێنەدانەوەی هەيە کە وشە لەخۆدەگرێت، پرۆسەی ڕيکلامکردن هاوتايە لەگەڵ ڕازيکردن و ئەمەش ئەوەيە کە لە زۆر شێوازی فيلمی دۆکيۆمێنتاريدا دەيدۆزينەوە، وەک فيلمی پەروەردەيی و فێرکاری و تەنانەت بەرنامەی خوێندن، بەڵام بە شێوەيەکی بەرفراوان لەلايەن بازرگانان وخاوەن پيشەکانەوە بەکاردەهێنرێت. لە ڕاستيدا هەر فيلمێک، هەرچييەک



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بێت، ڕیکلامێکە بۆ( هەڵکەوتەی ئەو وڵاتە، دیمەنی، سروشتەکەی، مێژووەکەی، نەریتەکانی و دەستکەوتە ئابوورییەکانی)ئەو وڵاتەی کە بەرهەمی هێناوە.(قاقیش، ٢٠٢٠، ص: ٣٨)

**٨/ فیلمە کولتوورییەکان**

ئەم فیلمانە ئامانجیان بڵاوکردنەوەی کولتوری گشتییە لە نێوان گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا، تەنانەت لە نێو کۆمەڵگە جیاوازەکان لە سەرانسەری وڵاتانی جیهاندا، بەو پێیەی فیلمی دۆکیۆمێنتاریی کولتووری بە ئامرازێک دادەنرێت بۆ ناساندنی کولتوور و داب و نەریتی جیاواز.

**٩/ فیلمە گەشتیارییەکان**

فیلمگەلێکن کە لایەنەکانی ژیان و شوێنە گەشتیارییەکانی ناوچە جیاجیاکانی جیهان تۆمار دەکەن، پێناسەیەکی جوانیناسی بەو ناوچانە دەبەخشن و زانیاری و کنجکاوی لەسەر هەموو وردەکارییەکانیان بڵاودەکەنەوە.( دونیا: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص: ٣١)

**١٠/ فیلمی ژینگەیی و گیانلەبەرە کێوییەکان و ژیانی ئاوی**

ئەم فیلمانە زۆرجار باس لە ژیانی ئاژەڵ وشکانی و دەریاییەکان دەکەن و بابەتەکانیان لەسەر ژیانی ئاژەڵی جۆرە جیاوازەکان لە دارستانە چڕەکان و شاخەکان و ناوچە دوورەکان و ژیانی دەریایی و نوقمبوون لە قووڵایی دەریا و ڕووبارەکاندا، بە ئامانجی زانینی چۆنیەتی ژیانی ئەو زیندەوەرانە لەو کەشوهەوایە، دەستنیشانکردنی جۆری ئەو زیندەوەرانە و وێناکردنی دیاردەی سروشتی، مێژوو، گڕکان، کارەسات و ڕووداوە سروشتییەکان. مەبەست لەم فیلمانە دەوڵەمەندکردنی بینەر بە پێدانی زانیارییە لەسەر ئەو ژینگەیەی کە ئاژەڵ و زیندەوەران تێیدا دەژین.

**١١/ فیلمە ئابورییەکان**

بەتەکانی ئەم جۆرە فیلمە باس لە پرسێکی ئابووری دەکەن، وەک مێژووی دراو یان دەرکەوتنی، هەروەها باس لە دەرکەوتە ئابوورییەکان دەکەن، وەک هەڵاوسان، و هۆکار و هۆکارەکانی ئەو پرسە دەخەنەڕوو، وە ڕوونی دەکەنەوە کە فیلمەکە لە هەموو ڕوویەکەوە مامەڵەی لەگەڵدا کردووە.( عبدالصمد قادر: ٢٠١٠، ص: ٢٧)

**تەوەری دووەم: چەمکی وشیاری**

١/ لەڕووی زمانەوانییەوە: تێگەیشتن و تێگەیشتنی دەنگە

لە ڕووی رەوانبێژییەوە: وشیاری ژینگەیی دەرئەنجامی یەکخستنی چەمکەکانی وشیاری و ژینگەیە، و بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت:

٢/ ئاگایی تاک لە ڕۆڵی خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ژینگەدا

٣/ تێگەیشتن لەسەر بنەمای هەستی پەیوەندییەکان و کێشە ژینگەییەکان، بە هۆکار و کاریگەری و ئامرازەکانی چارەسەرکردنی. (بن عمار، ٢٠١٩، ص: ١٠)

وا دیارە وشەی (وشیاری) لە بەکارهێناندا بە شێوەیەک پەرەی سەندبێت کە هاوسەنگ بێت لەگەڵ پێشکەوتنی ژیانی فیکری و ڕۆشنبیریمان. ئەم وشەیە بۆ کۆکردنەوە و لەبیرکردن بەکارهاتووە،

وەک لە ئایەتێکی قورئاندا هاتووە -وتعیها أذن واعیة (سورەتی الحاقة، ئایەتی ١٢) "بە گوێ بیستی و وشیاربوو واتە: کەسێک کە توانای بیستنی دروست و عەقڵی تەواو و کامڵ بێت.

ئەمەش گشتییە بۆ ئەوانەی تێدەگەن و وشیارن. (**شبكة القرآن الكريم، تفسير قوله تعالى: لنجعلها لكم تذكرة وتعيها أذن واعية، ٢٠١٢**)

وە هەروەها دەفەرموێت: وجمع فأوعى.(سورەتی المعارج، ئایەتی ١٨)

کە بەواتای کۆکردنەوەو پاراستن دێت. (المصحف الإلكتروني: ٢٠١٢)

لە قۆناغێکی دواتردا وشەکە بە مانای تێگەیشتن و تێگەیشتنی دەنگی بەکارهات. دەروونناسەکان لە ڕابردوودا هۆشیارییان بەم شێوەیە پێناسە کردووە: هەستی زیندەوەران بە خۆی و ئەوەی دەورەی داوە. لەگەڵ پێشکەوتنی زانست، و ئاڵۆزی زاراوە و چەمکەکان، مانای (ئاگایی) دەستی کرد بە مەیلی بەرەو قووڵایی و لقبوون و فراوانبوون، هاتە ناو زۆر بوارە دەروونی و کۆمەڵایەتی و فیکرییەوە. زۆر باسی پەرەسەندنی هۆشیاری و دەرکەوتەکانی دەکرا، ئەمە جگە لەوەی باس لە بڵاوبوونەوە و دابەشبوونەکانی دەکرا.(بكار، ٢٠٠٠، ص: ٩)

**٢/ وشیاری وەک دەرەنجامی میدیایی**

وشیاری دەرەنجامی کۆتایی و کەڵەکەبووی پرۆسەی چاندنە لە ڕێگەی میدیاوە. فیلمی دۆکیۆمێنتاری کاتێک باس لە بابەتێکی ژینگەیی، سیاسی، یان کۆمەڵایەتی دەکات، تەنها زانیاری نابەخشێت، بەڵکو وشیاریی ئاڕاستەکراو لای بینەر دروست دەکات. ئەم وشیارییە دەبێتە بنەمایەک بۆ ئەوەی تاک هەڵوێستی هەبێت و بە شێوەیەکی جیاواز سەیری دەوروبەری بکات. (المشاقبة، ٢٠١١، ص: ١٨٩)

وشیاریی میدیایی تەنها بەدەستهێنانی زانیاری خاو نییە، بەڵکو جۆرێکە لە دووبارە ڕێکخستنەوەی بونیادی مێشکی بینەر. فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکان لە ڕێگەی نواندنەوەی هەڵبژێردراوی واقیع، وشیارییەکی ڕەخنەیی لە ناو بینەردا جێگیر دەکەن کە ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر کردارە کۆمەڵایەتییەکانی.(محسنيان راد، ١٣٩٦، ص: ٢١٥)

**تەوەری سێیەم: تیۆری چاندنی ڕۆشنبیری**

**١/ چەمک، مێژوو و گەشەکردنی تیۆری چاندن**

لەساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان لەسە دەی رابردوودا چەمکی "چاندن" الغرس " لە ویلایەتە یەکگرتوەکان لەئەمریکا وەکو تێڕوانینێکی نوێ بۆ توێژینەوەی کاریگە ریی ئامرازەکانی راگەیاندن بەتایبەتیش تەلەڤزیۆن سەریهەڵدا.

ئەم چەمکەش پێی وایە کە بەردەوامبوونی تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن بۆماوەی درێژخایەن باوەڕێک لای ئەو بینەرە پەرەپێدەدات بەوەی کە ئەوەی ئەو لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنەوە دەیبینێت ئەوە وێنەیەکی دەقاودەقی جیهانی راستەقینەیە کە ئەوی تێدا دەژیت. (مەکاوی و ئەلشەریف، ٢٠١٥، لا ٧٩)

ئەمریکا شایەتحاڵی یەکەم هۆکاری دەرکەوتن بوو کە بەشداری کرد لە سەرهەڵدانی تیۆری چاندن. خەڵکی گشتی بەستەوە لەنێوان بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان و توندوتیژی و گۆڕانی بەهاکان کە لە ماوەی شەستەکاندا زیادی کرد، وە لەنێوان بڵاوبوونەوەی بینینی تەلەفزیۆن لەو ماوەیەدا. نیگەرانی گشتی فشاری خستە سەر کۆنگرێسی ئەمریکا بۆ ئەوەی هەنگاو بنێت، پارەدان لەلایەن چەندین دامەزراوە و پەیمانگای نیشتمانی ئەمریکاوە پەسەندکرا بۆ دابینکردنی بودجە بۆ توێژینەوەکان کە کاریگەرییەکانی تەلەفزیۆن لەسەر تەندروستی و پەروەردە دەکۆڵنەوە. نزیکەی ٦٠ توێژینەوە لە ساڵی ١٩٧١ لە پێنج بەرگدا لە ژێر ناوی "تەلەفزیۆن و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی"دا بڵاوکرانەوە.(خير الله، ٢٠١٥، ص: ١٨٧)



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

**٢/ گریمانە سەرەکییەکانی تیۆری چاندن**

تیۆری چاندنی رۆشنبیری سەرنج دەخاتە سەر پێنج گریمانەی بنەڕەتی:

١/ تەلەفزیۆن ئامرازێکی ناوازەی گەشەپێدانە بە بەراورد لەگەڵ میدیاکانی تر

٢/ پەیامی تەلەفزیۆنی سیستەمێکی رۆشنبیری یەکگرتووە کە گوزارشت لە ڕەوتی باو دەکات.

٣/ شیکاری پەیامە تەلەفزیۆنییەکان ئاماژە بۆ پرۆسەی چاندن دەدات

٤/ شیکاری چاندن سەرنج دەخاتە سەر بەشداریکردنی تەلەفزیۆن لە گواستنەوەی مێشکەوێنە لە ماوەی درێژخایەندا.

٥/ شیکاری چاندن تیشک دەخاتە سەر بەهێزکردنی سەقامگیری و یەکگرتوویی کۆمەڵگا.(مکاوی و السید، ١٩٩٨، ص: ٣٠٤- ٣٠٧)

**٣/ پەیوەندی دیالێکتیکی نێوان فیلمی دۆکیۆمێنتاری و بونیادنانی وشیاریی گشتی**

فیلمی دۆکیۆمێنتاری تەنها ئامرازێکی تەکنیکی بۆ گواستنەوەی وێنە و ڕووداوەکان نییە، بەڵکو وەک پرۆسەیەکی مەعریفی قووڵ کار لەسەر دارشتنەوەی وشیاریی بینەر دەکات. پەیوەندی نێوان ئەم جۆرە فیلمە و وشیاری، پەیوەندییەکی کارلێککارانەیە، بەو مانایەی کە فیلمی دۆکیۆمێنتاری وەک بزوێنەری عەقڵ کار دەکات و بینەر لە کاتی بینینیدا تەنها چێژ وەرناگرێت، بەڵکو دەچێتە ناو پرۆسەی بەراوردکاری لە نێوان زانیارییە پێشوەختەکان و ئەو ڕاستییە نوێیانەی کە فیلمەکە ئاشکرایان دەکات. ئەم گۆڕانکارییە لە "سیستەمی زانیاری" بینەردا، سەرەتای دروستبوونی وشیارییەکی نوێیە بەرامبەر بە پرسە جۆراوجۆرەکان.(ئەنوەر حسێن، ٢٠١٤، لا ٨٤-٨٦)

لەم چوارچێوەیەدا، سینەمای دۆکیۆمێنتاری بەوە جیا دەکرێتەوە کە توانایەکی بەرزی هەیە لە گۆڕینی "هۆشیاریی ڕووکەش" بۆ "وشیاریی ڕەخنەیی". ئەم فیلمانە تەنها گوزارشت لە واقیع ناکەن، بەڵکو دووبارە واقیع بە شێوازێک دادەرێژنەوە کە بینەر هان دەدات بۆ تێڕامان و قووڵبوونەوە. پەیوەندی نێوان فیلم و وشیاری لێرەدا لەوەدا دەردەکەوێت کە فیلمەکە پەردە لەسەر لایەنە شاراوەکانی ژیانی مرۆڤ لادەبات، ئەمەش دەبێتە هۆی فراوانبوونی مەودا مەعریفییەکانی کۆمەڵگە بەرامبەر بەو پرسانەی کە پەیوەندییان بە چارەنووسی گشتییەوە هەیە. (البسيوني، ٢٠١٥، ص: ١١٢)

لە لایەکی ترەوە، لە ڕوانگەی تیۆرییەکانی سینەمای دۆکیۆمێنتارییەوە، فیلم وەک "ئاوێنەیەکی ئاگایی‌بەخش" (آینه آگاهی‌بخش) سەیر دەکرێت کە ڕێگە بە بینەر دەدات لەودیو ژیانی ڕۆژانەوە، سەیری قووڵایی ڕووداوە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان بکات. ئەم پرۆسەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە "وشیاریی تاکەکەس" لەگەڵ "وشیاریی مێژوویی و گشتی" کۆمەڵگەدا یەکبگرێت. لێرەوە دۆکیۆمێنتاری دەبێتە ئامرازێک بۆ بێدارکردنەوەی جەماوەر و پێداچوونەوە بە چەمکەکانی وەک ناسنامە، کلتوور و بەها مرۆییەکان. (ضابطی جهرمی، ١٣٩٦، ص ٢٠٤-٢٠٨)

**پاژی چوارەم: خستنەڕووی ئەنجامەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکان و لێکدانەوەیان**

**واقیعی بەرهەمهێنانی فیلمی دۆکیۆمێنتاری لە کەناڵی ئاسمانی کوردسات**

" کەناڵی کوردسات وەک دامەزراوەیەکی میدیایی خێزانی و کلتووری لە (١-١-٢٠٠٠) لە شاری سلێمانی دامەزراوە و ژانری دۆکیۆمێنتاری وەک یەکێک لە پایە گرنگەکانی سیاسەتی میدیایی خۆی دەناسێنێت. بەپێی وەڵامەکان، بەشی دۆکیۆمێنتاری هەرچەندە لە ڕووی کارگێڕییەوە سەربەخۆیە، بەڵام هەماهەنگییەکی تەواوی لەگەڵ بەشی بەرنامەکاندا هەیە. ئامانجە بنەڕەتییەکانی ئەم بەشە لە سێ تەوەرەی سەرەکیدا کورت دەبنەوە: (١) ئەرشیفکردن و دۆکیۆمێنتکردنی ژیان و شوێنەواری کەسایەتییە ناودارەکانی کورد، (٢) بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری جەماوەر بەرامبەر بە پرسە جیاوازەکان، (٣) پاراستنی شوناسی نەتەوەیی لە ڕێگەی زیندووکردنەوەی دابونەریت و پیشە دێرینەکانی کوردەواری..

لە ڕووی میتۆدی کارکردنەوە، کەناڵەکە بۆ هەر بەرهەمێک ستافێکی پسپۆڕی (٨ بۆ ١٢) کەسی تەرخان دەکات کە تێیدا (ڕیسێرچەر، پرۆدیوسەر، وێنەگر، دەرهێنەر و مۆنتێر) ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن. هەرچەندە ستافێکی جێگیری لێکۆڵەری زانستی لە ناو کەناڵەکەدا نییە، بەڵام بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی فیلمەکان، پەنا بۆ ڕاوێژکار و پسپۆڕانی دەرەکی دەبرێت. پرۆسەی بەرهەمهێنان لە کەناڵی کوردسات تەنها لەسەر توانای ناوخۆیی ناوەستێت، بەڵکو پەیوەندی و هاوکاری لەگەڵ کۆمپانیا جیهانییەکان هەیە بۆ کڕین و دۆبلاژکردنی فیلمە ئاست بەرزەکان، بە جۆرێک کە هەفتانە زیاتر لە (٨) کاتژمێر (٤ کاتژمێر ناوخۆیی و ٤ کاتژمێر دەرەکی) بۆ پەخشی دۆکیۆمێنتاری تەرخان دەکرێت. لە قۆناغی کۆتاییدا، فیلمەکان ڕەوانەی بەشی (مۆنیتەرینگ) دەکرێن بۆ هەڵسەنگاندنی تەکنیکی و بابەتی، و جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە جێبەجێکردنی تێبینییەکان مەرجێکی بنەڕەتییە پێش پەخشکردن، ئەمەش نیشانەی پابەندبوونی کەناڵەکەیە بە پێوەرەکانی کوالیتی و ڕاستوێژیی میدیایی. ( سامان سەلام ڕەشید، لێپرسراوی بەشی دۆکیۆمێنتاری کەناڵی کوردسات)

شیکاری پێنج فیلمی سامپڵی توێژینەوەکە پێکەوە

خشتەی (١)

| ناوی فیلم | ماوە | ژمارەی دیمەن | ڕێژەی سەدی ماوە | ڕێژەی سەدی دیمەن |
|---|---|---|---|---|
| بەنداو | ٥٧,٢٧ | ٢٥٢ | ٪٢٠,٣٨ | ٪٣٠,١٨ |
| زەماوەندی پیر | ٥٨,١٣ | ١٩٥ | ٪٢٠,٦٥ | ٪٢٣,٣٥ |
| سامانی گامێش | ٥٢,٢٢ | ١٥٦ | ٪١٨,٥٨ | ٪١٨,٦٨ |
| ڕازی پیرێکی هونەرزان | ٥٦,٠٤ | ١٣٢ | ٪١٩,٨٩ | ٪١٥,٨١ |
| ئاین و ئاواز | ٥٧,٤٧ | ١٠٠ | ٪٢٠,٥٠ | ٪١١,٩٨ |
| کۆی گشتی | ٢٨١,٥٣ | ٨٣٥ | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ |

کۆی گشتی ماوەی هەر پێنج فیلمەکە بریتییە لە (٢٨١) خولەک و (٥٣) چرکە، کە دەکاتە نزیکەی (٤) کاتژمێر و (٤٢) خولەک. هەروەها کۆی گشتی دیمەنەکان بریتییە لە (٨٣٥) دیمەن. فیلمی "بەنداو" زۆرترین ڕێژەی دیمەنەکانی بەرکەوتووە کە (٣٠,١٨) لەسەدە، لە کاتێکدا فیلمی "ئاین و ئاواز" کەمترین ڕێژەی دیمەنی هەیە کە (١١,٩٨) لەسەدە. لە ڕووی کاتیشەوە، دابەشبوونی ماوەی فیلمەکان زۆر لە یەک نزیکە؛ بە جۆرێک فیلمی "زەماوەندی

پیر" بە ڕێژەی (٢٠,٦٥) لەسەدە درێژترینە و فیلمی "سامانی گامێش" بە (١٨,٥٨) لەسەدە کورتترین فیلمی کۆمەڵەکەیە.

جۆری گرتە/ شێواز

خشتەی (٢)

| جۆری گرتە/ شێواز | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی گشتی |
|---|---|---|
| واقعی/ ڕاستەوخۆ | ٤٣٠ | ٪٥١,٣٧ |
| چاوپێکەوتن | ٢٤٧ | ٪٢٩,٥١ |
| دووبارە نواندنەوە | ١٠٩ | ٪١٣,٠٢ |
| وێنەی ئەرشیفی | ٤٢ | ٪٥,٠١ |
| گرافیک و ئەنیمەیشن | ٩ | ٪١,٠٧ |
| کۆی گشتی | ٨٣٧ | ٩٩,٩٨ |

ئەم کۆمەڵە خشتەیە جۆری گرتە بەکارهاتووەکان لە پێنج بەرهەمی جیاوازدا نیشان دەدەن کە کۆی گشتی (٨٣٧) دیمەن یان دووبارەبوونەوە لەخۆ دەگرن. جۆری (واقعی و ڕاستەوخۆ) بە کۆی (٤٣٠) جار، زۆرترین بەکارهێنانی هەبووە گەیشتووەتە بەرزترین ئاستی کە (٪٥١,٣٧) لەسەدەی گرتەکان بووە. لە بەرامبەردا، جۆری (گرافیک و ئەنیمەیشن) بە تەنها (٩) جار، کەمترین ئامادەیی لە کۆی گشتی بەرهەمەکاندا هەبووە بە (٪١,٠٧) کە لە ڕیزبەندی کۆتایدایە. لە ڕووی دابەشبوونی شێوازەکانەوە، جۆری (چاوپێکەوتن) بە کۆی (٢٤٧) جار وەک دووەم جۆری سەرەکی دەردەکەوێت، کە لە خشتەی یەکەمدا گەیشتووەتە (٢٩,٥١) لەسەد. هەروەها جۆری (دووبارە نواندنەوە) بە کۆی (١٠٩) جار لە پلەی سێیەمدا دێت و زیاتر لە خشتەکەدا بە ڕێژەی (١٣,٠٢) لەسەد بەدی دەکرێت. سەبارەت بە (وێنەی ئەرشیفی)، کۆی گشتی (٤٢) جار تۆمار کراوە، کە لەپلەی چوارەمدایە بە ڕێژەی (٥,٠١) لەسەد.

ڕاڤە:

وەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، ستایلی "واقعی و ڕاستەوخۆ" بە ڕێژەی (٪٥١,٣٧) زاڵە بەسەر شێوازی دەرهێنانی فیلمەکاندا، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە دەرهێنەر زیاتر پشتی بە گرتەی زیندوو و ڕووداوی ڕاستەقینە بەستووە. لە بەرامبەردا، کەمترین بەکارهێنان بۆ "گرافیک و ئەنیمەیشن" بووە کە تەنها (٪١,٠٧)ە، ئەمەش دەریدەخات کە فیلمەکان زیاتر پشتیان بە وێنەگرتنی مەیدانی بەستووە نەک وێنەی دروستکراو.

شێوازی گشتی نمایش

خشتەی (٣)

| شێوازی گشتی نمایش | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی گشتی |
|---|---|---|
| ڕاپۆرت | ٥٥٧ | ٪٧٣,١٠ |
| دۆکیۆمێنتاری | ١٧١ | ٪٢٢,٤٤ |
| هاندەرانە | ٣٢ | ٪٤,٢٠ |
| درامی | ٢ | ٪٠,٢٦ |
| لێکۆڵینەوەیی | ٠ | ٪٠ |
| کۆی گشتی | ٧٦٢ | ٪١٠٠ |

ئەم پێنج خشتەیە نیشانی دەدەن کە شێوازی ڕاپۆرت شێوازی سەرەکی و باڵادەستە لە بەرهەمەکاندا، بە کۆی گشتی (٥٥٧) جار بەکارهاتووە. لە فیلمی یەکەم و پێنجەمدا ئەم شێوازە گەیشتووەتە بەرزترین ئاستی، بە جۆرێک لە فیلمی پێنجەمدا ڕێژەی (٨٩,٠٤) لەسەدەی گرتەکان بە شێوازی ڕاپۆرت بووە. لە پلەی دووەمدا شێوازی (دۆکیۆمێنتاری) دێت بە کۆی (١٧١) جار، کە زیاتر لە فیلمی دووەمدا وەک شێوازی سەرەکی دەرکەوتووە.
شێوازی هاندەرانە بە کۆی (٣٢) جار لە پلەی سێیەمدا دێت،
سەبارەت بە شێوازەکانی تر، کە زۆربەی لە فیلمی پێنجەمدا بە ڕێژەی (١٠,٩٥) لەسەدە تۆمار کراوە. شێوازی (درامی) زۆر بە کەمی و تەنها لە فیلمی چوارەمدا بە ڕێژەی (٢) لەسەدە بەکارهاتووە، لە کاتێکدا شێوازی (لێکۆڵینەوەیی) لە هیچ کام لە فیلمەکاندا بەکارنەهێنراوە. ئەم داتایانە دەریدەخەن کە گوتاری فیلمەکان زیاتر زانیاریبەخش و هەواڵئامێزن نەک لێکۆڵینەوەیی یان چیرۆکئامێز.
ڕاڤە:
لە ئەنجامی شیکردنەوەی ئاماریی پێنج فیلمە دیکۆمێنتارییەکەدا، دەردەکەوێت کە شێوازی ڕاپۆرت بە ڕێژەی (٧٣,١٠٪) پلەی یەکەمی گرتووە. ئەم باڵادەستییە نیشانەی ئەوەیە کە گوتاری فیلمەکان زیاتر "زانیاریبەخش" و "هەواڵئامێزن دەرهێنەر لەم شێوازەدا هەوڵی داوە ڕاستییەکان وەک خۆیان و بە خێرایی بگەیەنێتە بینەر، کە ئەمەش تایبەتمەندییەکی سەرەکی ئەو فلیمە دیکۆمێنتارییانەیە کە بۆ مەبەستی ناساندن و ڕوونکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان بەرهەم دەهێنرێن.
لە بەرامبەردا، بوونی شێوازی (دۆکیۆمێنتاری) بە ڕێژەی (٢٢,٤٤٪) ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دەرهێنەر لە هەندێک وێستگەدا هەوڵی داوە لە گێڕانەوەی ڕووت دوور بکەوێتەوە و بچێتە ناو قوڵایی ژیانی ڕۆژانەی کارەکتەرەکان. کەمبوونەوە یان نەمانی شێوازەکانی وەک (لێکۆڵینەوەیی) و (درامی) ئەوە دەسەلمێنێت کە ئامانجی سەرەکی ئەم فیلمانە دۆزینەوەی نهێنی یان چێژی سینەمایی ڕووت نەبووە، بەڵکو ئامانجەکە بەئاگادارکردنی واقیع بووە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ. ئەم جۆرە دابەشبوونە ئامارییە دەریدەخات کە فۆرمی کارەکان زیاتر لە دیسکۆرسی ڕۆژنامەوانی نزیکە تاوەکودیسکۆرسی سینەمایی خەیاڵی.

بەشی سێیەم: شیکاریی ناوەڕۆک و پەیام (دەستەکانی هۆشیاری)
)ئەم بەشە شی دەکاتەوە کە چی وتراوە و چ پەیامێک دەگەیەنرێت(
١/ دەستەی هۆشیاریی مەعریفی (پەیوەست بە زانین و تێگەیشتن)
**خشتەی (٤)**

| جۆری ئامانج و زانیاری | دووبارە بوونەوەونەوە | ڕێژەی سەدی گشتی |
|---|---|---|
| ڕونکردنەوەی دیاردەکان | ٣٥٦ | ٪٧٥,١١ |
| ناساندنی زانیاری نوێ | ٧٣ | ٪١٥,٤٠ |
| ئاگادارکردنەوە لە مەترسییەکان | ٢٨ | ٪٥,٩١ |
| ڕەتکردنەوەی بۆچوون و | ١٤ | ٪٢,٩٥ |

| | | |
|---|---|---|
| وتراوەکان | | |
| ڕاستکردنەوەی زانیاریی هەڵە | ٣ | ٦٣.ۆ٪ |
| هاندان بۆ بیرکردنەوە | ٢ | ٠,٤٢٪ |
| کۆی گشتی | ٤٧٦ | ١٠٠٪ |

ئەنجامەکانی ئەم پێنج خشتەیە دەریدەخەن کە ئامانجی سەرەکی لە گەیاندنی زانیارییەکاندا بریتییە لە (زانین و تێگەیشتن)، کە بە کۆی گشتی (٤٧٦) جار لە کۆی پێنج فیلمەکەدا تۆمار کراوە. ئەم ئامانجە لە برگەی یەکەمدا (رونکردنەوەی دیاردەکان) گەیشتووەتە بەرزترین ئاستی کە (٧٥,١١) لەسەدە. لە پلەی دووەمدا برگەی (ناساندنی زانیاریی نوێ) دێت بە کۆی (٧٣) جارو بەرێژەی (١٥,٤٠)لە سەد، کە نیشانەی ئەوەیە فیلمەکان جگە لە شیکردنەوەی واقیع، هەوڵی دەوڵەمەندکردنی مەعریفەی بینەریشیان داوە.

سەبارەت بە برگەکانیتر، (ئاگادارکردنەوە لە مەترسییەکان) بە کۆی (٢٨) جار و (ڕەتکردنەوەی بۆچوونەکان) بە کۆی (١٤) جار لە پلەکانی دواتردا دێن. ئامانجەکانی وەک (هاندان بۆ بیرکردنەوە) و (ڕاستکردنەوەی زانیاریی هەڵە) زۆر بە کەمی بەکار هاتوون، و ئامانجی (پێناسەکردنی ماف و ئەرکەکان) لە هیچ کام لە فیلمەکاندا بەدی نەکراوە. ئەمە دەیسەلمێنێت کە گوتاری زانیاری لەم فیلمانەدا زیاتر "شیکاری و ناساندنە" نەک "ڕەخنەیی یان ڕێنماییکەر." راڤە

باڵادەستی ڕەهەندی (ڕوونکردنەوەی دیاردەکان) بە ڕێژەی (٧٥,١١) لەسەدە، دەریدەخات کە فیلمەکان وەک ئامرازێکی فێرکاری

و ناساندن مامەڵەیان کردووە. ئەم دەرەنجامە تەواو دەگونجێت لەگەڵ دەرەنجامی پێشوو کە (شێوازی ڕاپۆرت) تێیدا زاڵ بوو؛ چونکە ڕاپۆرت باشترین قاڵبە بۆ شیکردنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ.

٢/ دەستەی هۆشیاریی سۆزداری (پەیوەست بە هەست و نەست)

**خشتەی (٥)**

| جۆری وروژاندنی هەست و سۆز | دووباره بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ئینتیمای نیشتمانی / ئاینی | ٣٨ | ٦١,٢٩٪ |
| ئینتیمای پیشەیی / خێزانی | ١١ | ١٧,٧٤٪ |
| وروژاندنی بەدڵبوون و ڕێزلێنانی گشتی | ٧ | ١١,٢٩ |
| هاندانی کاری بەکۆمەڵ | ٢ | ٣,٢٣٪ |
| وروژاندنی سۆزی مرۆڤایەتی / خۆشەویستی | ٢ | ٣,٢٣٪ |
| هاندانی تر (هیوا و چێژ) | ٢ | ٣,٢٣٪ |
| کۆی گشتی | ٦٢ | ١٠٠٪ |

لە ئەنجامی شیکردنەوەی ئەم پێنج خشتەیەدا دەردەکەوێت کە ڕەهەندی (هۆشیاری سۆزداری) بەراورد بە ڕەهەندەکانی تر کەمترین ئامادەیی هەبووە و بە کۆی گشتی تەنها (٦٢) جار لە پێنج فیلمەکەدا تۆمار کراوە. فیلمی سێیەم بە تەنها (٣٨) جار زۆرترین بەشداربوونی لەم

ڕەهەندەدا هەبووە، کە تێیدا (ئینتیمای نیشتمانی و ئاینی) بە ڕێژەی (٦١,٢٩) لەسەدە پلەی یەکەمی گرتووە. لە بەرامبەردا، فیلمی دووەم و چوارەم بە تەواوی هیچ جۆرە وروژاندنێکی سۆزدارییان تێدا تۆمار نەکراوە (٠ لەسەدە)، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە گوتاری ئەم فیلمانە زیاتر (مەعریفی و زانیاریبەخشە) نەک (سۆزداری و وروژێنەر).

ڕاڤە

ئەم دەرەنجامە لەگەڵ دەرەنجامەکانی پێشوو (شێوازی ڕاپۆرت و ڕوونکردنەوەی دیاردەکان) یەکدەگرێتەوە و دەیسەلمێنێت کە ئەم پێنج فیلمە بە گشتی فۆرمێکی (ئەکادیمی-مەعریفی) یان (ڕۆژنامەوانی-هەواڵییان) هەیە، چونکە بە ئەنقەست خۆیان لە وروژاندنی سۆز پاراستووە بۆ ئەوەی جەخت لەسەر گەیاندنی زانیارییەکان بکەنەوە.

٣/ دەستەی هۆشیاریی ڕەفتاری (پەیوەست بە کردار و هەڵسوکەوت)

**خشتەی (٦)**

| جۆری هاندان و ڕەفتار | کۆی دوبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نمایشکردنی نموونەی ڕەفتاری باش | ٧٠ | ٪٦٠,٣٤ |
| نمایشکردنی دەرئەنجامی ڕەفتار | ٣٠ | ٪٢٥,٨٦ |
| هاندان بۆ گۆڕینی یاسا و نەریت | ٦ | ٪٥,١٧ |
| ئاگادارکردنەوە لە ڕەفتاری زیانبەخش | ٥ | ٪٤,٣١ |
| بانگەشە بۆ بەشداریی کۆمەڵایەتی | ٢ | ٪١,٧٢ |
| هاندان بۆ فشارکردن | ٢ | ٪١,٧٢ |
| بانگەشە بۆ ڕەفتاری تەندروست | ١ | ٪٠,٨٨ |
| کۆی گشتی | ١١٦ | ٪١٠٠ |

لە ئەنجامی کۆکردنەوەی داتاکانی هەر پێنج فیلمە دیکۆمێنتارییەکە، دەرکەوت کە کۆی گشتی (١١٦) جار هەوڵی هاندان یان گۆڕینی ڕەفتار دراوە. جۆری (نمایشکردنی نموونەی ڕەفتاری باش) بە کۆی (٧٠) جار و ڕێژەی (٦٠,٣٤) لەسەدە، لە پلەی یەکەمی ڕیزبەندییەکەدا دێت. لە پلەی دووەمدا (نمایشکردنی دەرئەنجامی ڕەفتار) دێت بە کۆی (٣٠) جار و ڕێژەی (٢٥,٨٦) لەسەدە. جۆرەکانی تری وەک (گۆڕینی یاسا و نەریت، ئاگادارکردنەوە لە ڕەفتاری زیانبەخش، بەشداری کۆمەڵایەتی، و فشارکردن) بە ڕێژەی زۆر کەمتر و لە نێوان (١,٧٢) بۆ (٥,١٧) لەسەدە دابەش بوون، و (بانگەشە بۆ ڕەفتاری تەندروست) بە تەنها (٠,٨٨) لەسەدە لە کۆتایی ڕیزبەندییەکەدایە.

ڕاڤە

باڵادەستی (نمایشکردنی نموونەی ڕەفتاری باش) وەک ستراتیژیی سەرەکی بە ڕێژەی (٦٠,٣٤) لەسەدە، دەریدەخات کە گوتاری دەرهێنەر لەم پێنج فیلمەدا زیاتر پشت دەبەستێت بە "ئیلهامبەخشین" و نیشاندانی کارەکتەری سەرکەوتوو وەک ئامرازێک بۆ گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا. ئەم شێوازە لە ڕووی دەروونییەوە کاریگەریی درێژخایەنی هەیە، چونکە بینەر لە جیاتی وەرگرتنی فەرمانی ڕاستەوخۆ، لە ڕێگەی هاوڕانیکردن لەگەڵ "نموونەی باڵا"دا هان دەدرێت بۆ گۆڕینی ڕەفتارەکانی.

کەمیی ڕێژەی (ئاگادارکردنەوە لە مەترسی و فشاری سیاسی) ئەوە دەسەلمێنێت کە فیلمەکان دوورکەوتوونەتەوە لە بەکارهێنانی "ترس" یان "سەپاندنی ڕا" وەک ئامرازی گۆڕانکاری. لە جیاتی ئەوە، جەختکردنەوە لەسەر (دەرئەنجامی ڕەفتار) بە ڕێژەی (٢٥,٨٦) لەسەدە، نیشانەی ئەوەیە کە دەرهێنەر هەوڵی داوە بینەر ناچار بکات بە لۆجیکییانە بیر لە کردەوەکانی بکاتەوە. بە کورتی، ئەم دەرەنجامانە لەگەڵ داتاکانی پێشوو (شێوازی ڕاپۆرت و ڕوونکردنەوەی دیاردەکان) یەکدەگرنەوە و دەیسەلمێنن کە ئەم بەرهەمانە خاوەن گوتارێکی "ڕۆشنگەری و پەروەردەیی"ن و دەیانەوێت لە ڕێگەی نیشاندانی واقیعی باش و نموونەییەوە، هانی بینەر بدەن بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.

بەشی چوارەم: شیکاریی سەرچاوە و باوەڕپێکراوی
)ئامانج لەم بەشە زانینی ئەوەیە کە فیلمەکە چۆن باوەڕپێکراوی بۆ پەیامەکەی دروست دەکات(
١/ سەرچاوەی مرۆیی (کێ قسە دەکات؟)
خشتەی (٧)

| سەرچاوەی زانیاری | کۆی دوبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| شایەتحاڵ/ قوربانی | ١٧٢ | ٪٥٠,٢٩ | ١ |
| پسپۆڕ/ ئەکادیمی | ٨٠ | ٪٢٣,٣٩ | ٢ |
| بەرپرس/ دەسەڵاتدار | ٥٧ | ٪١٦,٦٧ | ٣ |
| خەڵکی ئاسایی/ هاوڵاتی | ٣ | ٪٠,٨٨ | ٤ |
| لایەنی دژبەر/ نەیار | ٠ | ٪٠ | ٥ |
| کۆی گشتی | ٣٤٢ | ٪١٠٠ | |

لە ئەنجامی شیکردنەوەی پێنج فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکەدا، دەرکەوت کە کۆی گشتی (٣٤٢) جار سەرچاوەی جیاواز بەکار هاتووە بۆ پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان. جۆری (شایەتحاڵ/قوربانی) بە کۆی (١٧٢) جار و ڕێژەی (٥٠,٢٩٪) لە پلەی یەکەمی ڕیزبەندییەکەدا دێت. لە پلەی دووەمدا (پسپۆڕ/ئەکادیمی) دێت بە کۆی (٨٠) جار و ڕێژەی (٢٣,٣٩٪). پلەی سێیەم بۆ (بەرپرس/دەسەڵاتدار) بووە بە کۆی (٥٧) جار و ڕێژەی (١٦,٦٧٪). سەرچاوەی (خەڵکی ئاسایی) تەنها (٣) جار و ڕێژەی (٠,٨٨٪) بەکار هاتووە، و لایەنی (دژبەر/نەیار) لە هیچ کام لە فیلمەکاندا ئامادەیی نەبووە (٠٪).
ڕاڤە
باڵادەستی سەرچاوەی (شایەتحاڵ/قوربانی) بە ڕێژەی زیاتر لە نیوەی گرتەکان (٥٠,٢٩٪)، دەریدەخات کە فیلمەکان ستراتیژی "گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ"یان وەک بنەمای متمانە بەکارهێناوە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە دەرهێنەر ویستوویەتی لە ڕێگەی ئەزموونی زیندووی کەسەکانەوە کاریگەریی سۆزداری دروست بکات و واقیعەکە وەک خۆی بگوازێتەوە.
لە لایەکی ترەوە، تەرخانکردنی ڕێژەی (٢٣,٣٩٪) بۆ پسپۆڕان و ئەکادیمییەکان، "شەرعیەتێکی زانستی" بە فیلمەکان بەخشیوە و گوتارەکەی لە تەنها گێڕانەوەی سادەوە گۆڕیوە بۆ

بەڵگەنامەیەکی جێی متمانە. نەمانی لایەنی دژبەر/نەیار ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەم فیلمانە خاوەن گوتارێکی "پەسەندکەرن".
واتە دەیانەوێت ڕاستییەکی دیاریکراو بچەسپێنن نەک ئەوەی ببنە سەکۆیەک بۆ ململانێی بیرورِا جیاوازەکان. ئەم جۆرە دابەشبوونە ئامارییە دەریدەخات کە فیلمەکان هاوسەنگییان پاراستووە لە نێوان "سۆزی شایەتحاڵەکان" و "ژێدەرە زانستییەکان".

٢/ سەرچاوەی نامرۆیی (چ بەڵگەیەک پیشان دەدرێت؟)
**خشتەی (٨)**

| جۆری بەڵگە | کۆی دوبارە بونەوە | ڕێژەی سەدی | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| داتاو ئامار(ژمارە و گرافیک) | ٩٢ | ٪٦٤,٣٤ | ١ |
| ماددەی ئەرشیفی (وێنەو ڤیدیۆی کۆن) | ٤١ | ٪٢٨,٦٧ | ٢ |
| بەڵگەنامەی فەرمی (نوسراوی حکومی) | ١٠ | ٪٦,٩٩ | ٣ |
| گرتەی میدیایی (هەواڵ و ڕۆژنامە) | ٠ | ٪٠ | ٤ |
| کۆی گشتی | ١٤٣ | ٪١٠٠ | |

لە ئەنجامی کۆکردنەوەی داتاکانی ئەم پێنج خشتەیە، دەرکەوت کە کۆی گشتی (١٤٣) جار بەڵگەی جۆراوجۆر بەکار هاتووە. جۆری (داتا و ئامار) بە کۆی (٩٢) جار و ڕێژەی (٪٦٤,٣٤) لە پلەی یەکەمی ڕیزبەندییەکەدا دێت. لە پلەی دووەمدا (ماددەی ئەرشیفی) دێت بە کۆی (٤١) جار و ڕێژەی (٪٢٨,٦٧). پلەی سێیەم بۆ (بەڵگەنامەی فەرمی) بووە بە کۆی (١٠) جار و ڕێژەی (٪٦,٩٩)، لە کاتێکدا (گرتەی میدیایی) لە هیچ کام لە فیلمەکاندا بەکارنەهێنراوە (٪٠).
راڤە
باڵادەستی (داتا و ئامار) بە ڕێژەی (٪٦٤,٣٤) نیشانەیەکی بەهێزە بۆ ئەوەی کە گوتاری ئەم فیلمانە پشت بە بەڵگەی چەندایەتی دەبەستن. ئەمە شێوازێکی زانستییە بۆ قایڵکردنی بینەر لە ڕێگەی ژمارە و گرافیکەوە، کە متمانەیەکی زیاتر بە زانیارییەکان دەبەخشێت.
بوونی (ماددەی ئەرشیفی) بە ڕێژەی (٪٢٨,٦٧) وەک تەواوکەری ئامارەکان بەکارهاتووە بۆ دروستکردنی "ڕەهەندی مێژوویی" و بەستنەوەی ڕابردوو بە ئێستاوە. نەمانی (گرتەی میدیایی) و کەمیی (بەڵگەنامەی فەرمی) دەریدەخات کە فیلمەکان زیاتر پشتیان بەو داتایانە بەستووە کە خۆیان ئامادەیان کردووە (وەک گرافیک) نەک پشت بەستن بە سەرچاوە میدیاییە دەرەکییەکان. ئەم دەرەنجامە لەگەڵ بەشەکانی پێشوو یەکدەگرێتەوە، کە نیشانی دەدات ئەم بەرهەمانە زیاتر لە "توێژینەوەی بینراو" دەچن تاوەکو تەنها گێڕانەوەیەکی سادە.

**باژی پێنجەم: دەرەنجام و پێشنیار**

دەرەنجامە زانستییەکانی توێژینەوەکە

١/ چاندنی وشیاریی مەعریفی

داتاکان دەریانخست کە شێوازی (ڕاپۆرت) بە ڕێژەی (٧٣,١٠٪) و ئامانجی (ڕوونکردنەوەی دیاردەکان) بە ڕێژەی (٧٥,١١٪) باڵادەستن. ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە فیلمەکان کار لەسەر "چاندنی زانیاری" دەکەن نەک "وروژاندنی کاتی". بەپێی تیۆری چاندنی ڕۆشنبیری، کوردسات لە ڕێگەی ئەم پێنج فیلمەوە وێنەیەکی (زانستی و شیکاری) لای بینەر دروست دەکات، کە وا دەکات بینەر واقیع وەک کۆمەڵێک دیاردەی لۆجیکی ببینێت کە پێویستیان بە تێگەیشتن هەیە.

٢/ بەهێزکردنی متمانە لە ڕێگەی سەرچاوەکانەوە

پشتبەستن بە (پسپۆڕ و ئەکادیمی) بە ڕێژەی (٢٣,٣٩٪) و (شایەتحاڵ) بە ڕێژەی (٥٠,٢٩٪)، وەک فاکتەری سەرەکی متمانە دەرکەوتوون. لێرەدا تیۆرەکە کار دەکاتە سەر چاندنی "بڕواپێکردن، چونکە

بینەر کاتێک پسپۆڕ و قوربانی پێکەوە دەبینێت، پەیامە وشیارکەرەوەکە وەک "ڕاستی ڕەها" وەردەگرێت، ئەمەش پرۆسەی چاندنی وشیارییەکە خێراتر دەکات.

٣/ وێنەی واقیعی وەک ئامرازی چاندن

بەکارهێنانی (وێنەی واقیعی) بە ڕێژەی (٥٢,٦٣٪) و (داتا و ئامار) بە ڕێژەی (٦٤,٣٤٪)، گریمانەی سێیەمی توێژینەوەکە پشتڕاست دەکەنەوە. ئەم تەکنیکانە وا دەکەن "جیهانی تەلەفزیۆنی" و "جیهانی واقیعی" لە لای بینەر یەکبگرنەوە. بەپێی تیۆرەکە، ئەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی حاڵەتی دەنگدانەوە، واتە بینەر پەیامی فیلمەکان (وەک وشیاری ژینگەیی لە فیلمی بەنداو) وەک بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی خۆی دەبینێت.

٤/ وشیاریی ڕەفتاری لە ڕێگەی "نموونەی باڵا"

باڵادەستی (نمایشکردنی نموونەی ڕەفتاری باش) بە ڕێژەی (٦٠,٣٤٪) ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کوردسات دەیەوێت "نەریتی ڕەفتاری نوێ" بچێنێت. ئەمە لەبری بەکارهێنانی ترس، پەنا بۆ چاندنی "ئیلهام" دەبات. ئەم دەرەنجامە دەریدەخات کە فیلمەکان کاریگەریی درێژخایەنیان هەیە لەسەر گۆڕینی ڕەفتاری تاکی کورد.

٥/ جەختکردنەوە لەسەر وشیاریی نەتەوەیی و کلتووری

داتاکان دەریانخست کە ڕەهەندی (ئینتیمای نیشتمانی و ئاینی) بە ڕێژەی (٦١,٢٩٪) لە لایەنی سۆزدارییدا زاڵە. ئەمەش گریمانەی چوارەم دەسەلمێنێت؛ کەناڵەکە بەردەوام وێنەی "ناسنامەی نەتەوەیی و کلتووری" دەچێنێت، کە ئەمە ئامانجی سەرەکی تیۆری چاندنی ڕۆشنبیرییە لە پاراستنی بەها باڵاکانی کۆمەڵگەدا.

دەرەنجامی کۆتایی

بەپێی تیۆری چاندنی ڕۆشنبیری، فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکانی کوردسات سەرکەوتوو بوون لە گۆڕینی "وشیاری" لە حاڵەتێکی کاتییەوە بۆ حاڵەتێکی (چەسپاو و ڕۆشنبیری)، بە جۆرێک بینەر لە ڕێگەی زانیاریی لۆجیکی و نموونەی باڵاوە، وێنەیەکی ڕێکخراوی بۆ واقیع و کێشە کۆمەڵایەتییەکان لای دروست دەبێت.

**پێشنیار**

ئەم خاڵانە وەک ئاسۆیەکی نوێ بۆ توێژەرانی داهاتوو لە بواری ڕاگەیاندن پێشنیار دەکرێن

١/ توێژینەوەی مەیدانی
ڕاسپاردە دەکرێت توێژینەوەیەک لەسەر(کاردانەوەی بینەران) بەرامبەر ئەم پێنج فیلمە بکرێت، بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا وشیارییەکە بە ڕاستی "چێندراوە" یان تەنها لە ئاستی ناوەڕۆکی فیلمەکاندایە.

٢/ بەراوردکاری میدیایی
ئەنجامدانی توێژینەوەی بەراوردکاری لە نێوان فیلمە دۆکیۆمێنتارییەکانی کەناڵە ناوخۆییەکان و کەناڵە جیهانییەکان وەک (بی بی سی و نەشناڵ جیۆگرافیک) بکرێت سەبارەت بە تەکنیکەکانی وشیار کردنەوە.

٣/ کاریگەری سۆشیاڵ میدیا
ڕاسپاردە دەکرێت توێژینەوە لەسەر ڕۆڵی (برگە کورتەکان)ی ناو ئەم فیلمە دۆکیۆمێنتاریيانە بکرێت لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا لە بڵاوکردنەوەی وشیاری.

٤/ زمان و گوتار
ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی (گوتار شیکاریی) بۆ دەقی نێو فیلمەکان، تاوەکو پەیوەندی نێوان "وشەکان" و "چاندنی ڕۆشنبیری" زیاتر ڕوون بێتەوە.

**سەرچاوەکان**


یەکەم: قورئانی پیرۆز و تەفسیر
١/ قورئانی پیرۆز، سورەتی (المعارج)، ئایەتی ١٨
جامعة الملك سعود. (٢٠١٢). المصحف الإلكتروني: تفسير السعدي[ksu.edu.sa] .٢/
دووەم: کتێبەکان
٣/ البسيوني، صلاح. (٢٠١٥). السينما الوثائقية: الواقع والخيال. القاهرة: دار الفجر للنشر والتوزيع
٤/ بكار، عبد الكريم. (٢٠٠٠). تجديد الوعي. الطبعة الأولى، دمشق: دار القلم
٥/ حسێن، ئەنوەر. (٢٠١٤). میدیا و بونیادنانی هۆشیاریی گشتی. چاپی یەکەم، سلێمانی: ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە
٦/ خيرالله، عبد الكريم. (٢٠١٥). نظريات التأثير الإعلامي. الجزائر: دار الهدى للطباعة والنشر والتوزيع
٧/ الشال، انشراح. (٢٠٠٦). السينما التسجيلية والفنان التسجيلي. القاهرة: دار الإيمان للطباعة
٨/ شلبي، كرم. (١٩٩٩). فن الكتابة للراديو والتلفزيون. بيروت: دار ومكتبة الهلال للطباعة والنشر
٩/ ضابطی جهرمی، احمد. (١٣٩١). تئوری‌های سینمای مستند. چاپ چهارم، تهران: نشر نی
١٠ محسنیان‌راد، مهدی. (١٣٩٦). ارتباط‌شناسی. تهران: انتشارات سرو
١١/ مكاوى، حسن عماد؛ والسيد، ليلى حسين. (١٩٩٨). الاتصال ونظرياته المعاصرة. القاهرة: الدار المصرية اللبنانية

١٢/ مەکاوی، حەسەن عیماد؛ و ئەلشەریف، سامی. (٢٠١١). بیردۆزەکانی ڕاگەیاندن. (وەرگێڕانی: ڕابەر ڕەشید). چاپی دووەم، سلێمانی: دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان
١٣/ المشاقبة، بسام. (٢٠١١). نظريات الاتصال. الطبعة الأولى، عمان: دار الأسامة
سێیەم: توێژینەوەی بڵاوکراوە لە گۆڤارە زانستییەکان
١٤/ الزيات، حامد معروف. (٢٠١٨). الأفلام الوثائقية مصدراً للمعلومات التاريخية. مجلة مركز الخدمة للاستشارات البحثية، جامعة بنها
١٥/ جمال، نجلاء. (٢٠١٧). دور البرامج الوثائقية في تشكيل الوعي السياسي لدى الشباب الجامعي. المجلة العلمية لبحوث العلاقات العامة والإعلان، جامعة القاهرة، العدد (١٠)
١٦/ حسين، حسين ناصر. (٢٠٢٤). صناعة الأفلام الوثائقية في القنوات الفضائية العراقية. مجلة كلية الإمام الكاظم، المجلد (٨)، العدد (٤)
١٧/ ڕزگار، ڕەنجدەر. (٢٠٢٣). تایبەتمەندییەکانی فیلمی دۆکیۆمێنتاری لە کەناڵی ئاسمانیی ڕووداودا. گۆڤاری توێژەر، بەرگی (٦)، ژمارە (٢)
١٨/ سعيد، عمر نبيل. (٢٠١٦). الإخراج في الفيلم الوثائقي. مجلة الأكاديمي، جامعة بغداد، العدد (٧٦)
١٩/ سینا، خسرو. (١٣٩٤). سینمای مستند و بازنمایی هویت ملی: مطالعه موردی مستندهای کردی. فصلنامه مطالعات هنری، شماره (١٢)
٢٠/ فیاض، ابراهیم. (١٣٩٨). بازنمایی هویت ملی در سینمای مستند. مجله پژوهش های انسان شناسی ایران، دوره (٩)، شماره (١)
٢١/ كرهوت، خميس محمد. (٢٠١٦). دور القنوات الوثائقية في تزويد الجمهور بالمعارف. مجلة الباحث الإعلامي، جامعة بغداد، العدد (٣٣)
٢٢/ مجدي، رشا. (٢٠١٨). دور الأفلام الوثائقية في نشر الوعي البيئي لدى الجمهور. مجلة بحوث الصحافة، جامعة المنصورة، العدد (١٥)
٢٣/ مهدی‌زاده، سید محمد. (١٣٩٤). نقش مستندهای تلویزیونی در ارتقای آگاهی‌های اجتماعی. فصلنامه مطالعات رسانه‌ای، شماره ٢٩
چوارەم: نامە و تێزە زانستییەکان (ماستەر و دکتۆرا)
٢٤/ بن عمار، زكريا. (٢٠١٩). الإعلام الجديد ونشر الوعي البيئي. مذكرة ماستر، جامعة مستغانم، الجزائر
٢٥/ الجرادات، عاصم علي. (٢٠٠٩). معالجة الأفلام التسجيلية للصراعات السياسية. رسالة ماجستير، جامعة الشرق الأوسط، الأردن
٢٦/ حسين، عبدالصمد قادر. (٢٠١٠). الأفلام الوثائقية في قناة كوردسات الفضائية. رسالة ماجستير، جامعة السليمانية
٢٧/ دونيا، علال. (٢٠١٧). الشخصية التاريخية في الفيلم الوثائقي العربي. رسالة ماجستير، جامعة العربي بن مهيدي، الجزائر
٢٨/ سيد طه، محمد عبدالعزيز. (٢٠١٣). دور القنوات الوثائقية في تزويد الجمهور بالمعارف. رسالة ماجستير، جامعة المنيا، مصر
٢٩/ ضيف الله، عادل. (٢٠١٧). العناصر الدرامية للفيلم الوثائقي في السودان. أطروحة دكتوراه، جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا

٣٠/ عاطف، حاتم محمد. (٢٠١٦). دور الأفلام الوثائقية في ترتيب أولويات القضايا الاجتماعية والسياسية. أطروحة دكتوراه، جامعة القاهرة
٣١/ عدي أحمد. (٢٠١٤). استخدام طلبة الجامعات الأردنية للبرامج الوثائقية. رسالة ماجستير، جامعة البترا، الأردن
٣٢/ محەمەد، بروا عەبدولرەحمان. (٢٠١٦). بەكارهێنانی تەكنیكی وێنە لە بەرهەمهێنانی فیلمی دۆكیۆمێنتاری. نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی
٣٣/ چاوپێكەوتن لەگەڵ( سامان سەلام رەشید، لێپرساوی بەشی دۆكیۆمێنتاری كەناڵی كوردسات) لە ٧/٤/ ٢٠٢٦

Sources
The Holy Quran

King Saud University. (2012). The Electronic Book: Tafseer al-Saadi. [ksu.edu.sa]2/
Second, the books
.3Al-Basiuni, Salah. (2015). Documentary Cinema: Reality and Imagination. Cairo: Dar Al-Fajr Publishing and Distribution
.4Bakar, Abdul Karim. (2000). Conscious renewal. First edition, Damascus: Dar al-Qalam
.5Hussein, Anwar. (2014). Media and public awareness building. First edition, Sulaimani: Andisha Cultural Center
.6Khairullah, Abdul Karim. (2015). Theories of Media Influence. Algeria: Dar Al-Huda Printing, Publishing and Distribution
.7Shawl, relaxation. (2006 .السينما التسجيلية والفنان التسجيلي .(Cairo: Dar Al-Iman Printing House
.8Shelby, worm. (1999 .فن الكتابة للراديو والتلفزيون .(Beirut: Al-Halal Printing and Publishing House
.9Officer Jahrmi, Ahmad. (1391). High Theory of Documentary Cinema. Fourth edition, Tehran: Ni
10Mohsenian Rad, Mahdi. (1396). Communication Science. Tehran: Sarw Publishing House
.11Makawi, Hassan Emad; Walside, Lily Hussein. (1998). Contemporary communication and theories. Cairo: Lebanese Egyptian House
.12Makawi, Hassan Emad; and El Sharif, Sami. (2011). Theories of Media. (Translation: Raber Rashid). Second edition, Sulaimani: Jamal Irfan Cultural Institute
.13Al-Mushaqabah, Bassam. (2011). Communication Comments. First Edition, Oman: Dar al-Asama

Third, research published in scientific journals
.14Al-Ziyat, Hamid Marouf. (2018). Documentary films sourced for historical information. Journal of the Research Consultancy Service Center, Benha University
.15Jamal, Najla. (2017). The role of the documentary program in the formation of political consciousness among the university youth. Scientific Journal for Public Relations Research and Advertising, Cairo University, No. (10(
.16Hussein, Hussein Nasser. (2024). Documentary film industry in Iraqi satellite channels. Imam Al-Kazim College Magazine, Volume (8), Number (4(
.17Rzgar, Ranjdar. (2023). Features of documentaries on Rudaw TV. Researcher Magazine, Volume (6), No. (2(
.18Saeed, Omar Nabil. (2016). Exit in the documentary film. Academic Journal, Baghdad University, No. (76(
.19Sina, Khusro. (1394). Documentary Cinema and National Identity Circle: Kurdish Documentary Studies. Chapter of Artistic Studies, No. (12(
.20Fayyad, Ibrahim. (1398). The role of national identity in documentary cinema. Iranian Anthropological Research Journal, Volume (9), Issue (1(
.21Karhut, Khamis Mohammed. (2016). The role of documentary channels in the reproduction of knowledge. Journal of Information Research, Baghdad University, Issue (33(
.22Majdi, Rasha. (2018). The role of documentary films in the publication of environmental awareness in the Republic. Journal of Journalism Research, Mansoura University, Issue (15(
/23Mahdizadeh, Seyed Mohammad. (1394). The role of television documentaries in shaping social awareness. 29. Journal of Media Studies
Fourth: Scientific letters and theses (Master and Doctorate(
.24Ibn Ammar, Zakaria. (2019). New information and environmental awareness publication. Master's thesis, Mostaghanm University, Algeria
.25Al-Jaradat, Asim Ali. (2009). Treatment of documentary films for political struggles. M.A. thesis, Middle East University, Jordan
/26Hussein, Abdulsamad Qadir. (2010). Documentary films on Kurdsat Satellite Channel. Master's thesis, Sulaimani University
.27The world, Alal. (2017). Historical figure in the Arabic documentary film. Master's thesis, Arab University Ben Mahdi, Algeria
/28Sayed Taha, Mohammed Abdulaziz. (2013). The role of documentary channels in the reproduction of knowledge. M.A. thesis, Al-Munya University, Egypt

.29Zaifullah, Adel. (2017). Dramatic elements for the documentary film in Sudan. Atroha PhD, Sudan University of Science and Technology
.30Atif, Hatim Mohammed. (2016). The role of documentary films in prioritizing social and political issues. Atroha Ph.D., Cairo University
.31Adi Ahmad. (2014). Use of Jordanian university students for documentation programs. M.A. thesis, Al-Batra University, Jordan
32. Mohammed, Brwa Abdulrahman. (2016). Use of photographic techniques in documentary film production. Master's thesis, Sulaimani University .15Jamal, Najla. (2017). The role of the documentary program in the formation of political consciousness among the university youth. Scientific Journal for Public Relations Research and Advertising, Cairo University, No. (10(
.16Hussein, Hussein Nasser. (2024). Documentary film industry in Iraqi satellite channels. Imam Al-Kazim College Magazine, Volume (8), Number (4(
.17Rzgar, Ranjdar. (2023). Features of documentaries on Rudaw TV. Researcher Magazine, Volume (6), No. (2(
.18Saeed, Omar Nabil. (2016). Exit in the documentary film. Academic Journal, Baghdad University, No. (76(
.19Sina, Khusro. (1394). Documentary Cinema and National Identity Circle: Kurdish Documentary Studies. Chapter of Artistic Studies, No. (12(
.20Fayyad, Ibrahim. (1398). The role of national identity in documentary cinema. Iranian Anthropological Research Journal, Volume (9), Issue (1(
.21Karhut, Khamis Mohammed. (2016). The role of documentary channels in the reproduction of knowledge. Journal of Information Research, Baghdad University, Issue (33(
.22Majdi, Rasha. (2018). The role of documentary films in the publication of environmental awareness in the Republic. Journal of Journalism Research, Mansoura University, Issue (15(
/23Mahdizadeh, Seyed Mohammad. (1394). The role of television documentaries in shaping social awareness. 29. Journal of Media Studies
Fourth: Scientific letters and theses (Master and Doctorate(
.24Ibn Ammar, Zakaria. (2019). New information and environmental awareness publication. Master's thesis, Mostaghanm University, Algeria
.25Al-Jaradat, Asim Ali. (2009). Treatment of documentary films for political struggles. M.A. thesis, Middle East University, Jordan
/26Hussein, Abdulsamad Qadir. (2010). Documentary films on Kurdsat Satellite Channel. Master's thesis, Sulaimani University
.27The world, Alal. (2017). Historical figure in the Arabic documentary film. Master's thesis, Arab University Ben Mahdi, Algeria

/28Sayed Taha, Mohammed Abdulaziz. (2013). The role of documentary channels in the reproduction of knowledge. M.A. thesis, Al-Munya University, Egypt
.29Zaifullah, Adel. (2017). Dramatic elements for the documentary film in Sudan. Atroha PhD, Sudan University of Science and Technology
.30Atif, Hatim Mohammed. (2016). The role of documentary films in prioritizing social and political issues. Atroha Ph.D., Cairo University
.31Adi Ahmad. (2014). Use of Jordanian university students for documentation programs. M.A. thesis, Al-Batra University, Jordan
.32Mohammed, Brwa Abdulrahman. (2016). Use of photographic techniques in documentary film production. Master's thesis, Sulaimani University
/33Interview with Saman Salam Rashid, Head of Kurdsat Documentary Department on 7/4/2
33/ Interview with Saman Salam Rashid, Head of Kurdsat Documentary Department on 7/4/2